

# تیۆئەنجیلۆپۆڵۆس

## دەرهێنەری گەورەی سینەمایی

**لە عەرەبییەوە: هێمن مەحمود حەسەن**

(تیۆ ئەنجیلۆپۆڵۆس) ٢٧ی نیسانی ١٩٣٥ لە (ئەسینا) لەدایکبووە. باوکی بازرگان بوو، ساڵی ١٩٤٤ لە ڕۆژگاری لەشکرکێشیی ئەڵمانیدا لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی یۆنانییەوە تۆمەتبار کرا بە هاوکارینەکردنی حزب. (خێزانەکەی وەکو هەموو خێزانە یۆنانییەکانی سەردەمی جەنگ باری دارایيان خراپبوو)، ئەوەبوو حوکمی لەسێدارەدانی درا، بەڵام توانیی هەڵبێت.

# ئەزموون

که جەنگی جیهانی هەڵگیرسا (تیۆ) منداڵ بوو، ساڵی ١٩٤٠ هێزەکانی ئیتاڵیا و پاشان ئەڵمانیا هاتنە ناو وڵاتەوە. بەهۆی ناجێگیریی بارودۆخ و هاتنی یەک لەدوای یەکی حکومەتە دیکتاتۆرییەکان و شەڕی ناوخۆیی دوورودرێژەوە وڵات بەردەوام ڕووبەڕووی قەیرانی توندی سیاسی و ئابووری دەبووەوە. لە کۆتاییدا زۆرێک لەو بیرەوەرییە ئازاربەخشانە ڕێگەی خۆیان دەدۆزنەوە و لە فیلمەکاندا خۆیان دەبیننەوە، یەکێک لەو بیرەوەرییانە ڕووداوی ونبوونی باوکییەتی، کە لەبەر چەند هۆیەکی نەزانراو دەستگیرکرا و دوورخرایەوە بۆ شوێنێکی نادیار، کەس هیچی لەو بارەیەوە نەبیست، بۆیە بە مردوو لەقەڵەمدرا، هەروەک چۆن لەپڕ ونبوو دوای نۆ مانگ لەپڕ دەرکەوتەوە.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆی نێوان چەپڕەو و ڕاستڕەوەکانی ناو یۆنان، کە لە ١٩٤٦ەوە تا ١٩٤٩ درێژەی کێشا، (ئەنجلۆپۆڵۆس) خوێندنی تەواوکرد و لە زانکۆی ئەسینا بڕوانامەی لە یاسادا بەدەستهێنا، بەو شێوەیە ئاواتی خێزانەکەی بەجێهێنا، کە لە چینی مامناوەند بوون.

لە کاتی خوێندندا دەستی دایە نووسینی شیعر و چەند هۆنراوەیەکی نووسی، کە مۆرکێکی ڕۆمانسییان پێوەبوو، بە (بایرۆن) کاریگەر بوو، دواتر بە دوو گەورە شاعیری یۆنانی زۆر کاریگەربوو، کە ئەوانیش (جۆرج سیفیریس) و (کۆنستانتین کافافی) بوون.

ساڵی ١٩٥٩- ١٩٦٠ خزمەتی زۆرملێی سەربازیی تەواوکرد، لە ساڵی ١٩٦١دا سەفەری کرد بۆ پاریس و لەوێ لە زانکۆی (سۆربوون) لەسەر دەستی (کلۆد لیڤی شتراوس) (ئەنتڕۆپۆلۆژیا) مرۆڤناسیی خوێند.

دوای ساڵێک پەیوەندیی کرد بە ئەکادیمیای سینەمای فەرنسی (ئیدیک)ەوە، بەڵام بەهۆی ناکۆکییەکەوە لەگەڵ یەکێک لە مامۆستاکاندا کارگێڕی ئەکادیمیا دەری کرد. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو بێبەشبوونەی، کە تووشی بوو، بە هاوشێوەی (نەوەی شەپۆلی نوێی فەرەنسی) بۆ پەیداکردنی بژێویی خۆی وەک ڕێنیشاندەرێکی ناو هۆڵەکانی سینەما بۆ چەندین سەعات کاری دەکرد، بەو شێوەیە سەدان فیلمی بینی، ئەوەش وایکرد هۆشیارییەکی سینەمایی و مەعریفەیەکی تیۆری بەدەست بهێنێت.

لە خولێکی ڕاهێنانی (جان ڕوش)دا بەشداریی کرد، کە دەرهێنەری فیلمی دۆکیۆمێنتەرییە لە بواری ئەنتڕۆپۆلۆژیادا، بووە یاریدەدەری و لە چەند فیلمێکی سادەشدا وەک ئەکتەر دەرکەوت. لەبەرئەوەی کە ئەو خۆی بەرهەمی ساڵانی شەستەکان بوو، شتێکی زۆری لە گیانی یاخیبوون و خواستی گۆڕینی جیهان و پرەنسیپە شۆڕشگێڕییەکانی قوتابیانی پاریسی هەڵمژی بوو، ئەو شۆڕشەی کە لە ساڵی ١٩٦٨دا شکستی هێنا. لەو کاتەدا چەپە ڕادیکاڵییەکان بەڵێنی دروستکردنی جیهانێکی نوێیان دەدا. دوای بەزاندنی گیانە موحافیزکارە کۆنەکان جیهانێکی باشتر و دادپەروەرانەتر دروست دەبێت. ئەرکی هەموو چاکەخوازانە کە لە پێناوی سەرکەوتنی شۆڕشدا خەبات بکەن.

ئەو ڕەوشە سیاسییە شۆڕگێڕییەی کە دوای گەڕانەوەی لە فەرەنسا لە یۆنان هەستی پێکرد هانی دا کە زیاتر بەو پرەنسیپ و بیروباوەڕانەی خۆی پابەندبێت و لەسەریان سووربێت و

# کە منداڵ بووم هەندێ جار خۆم دەکرد بە نەخۆش، بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بمێنمەوەو (برایانی کارامازۆڤ) بخوێنمەوە

هەوڵبدات جێبەجێ یاخود کاریان پێ بکات.

ساڵی ١٩٦٤ لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی فراوانی چەپەکاندا بەشداریی کرد، ئەوەبوو کوتەکی پۆلیسێکی بەرکەوت. ئەو کات بڕیاری دا لە یۆنان بمێنێتەوە و وەک ڕەخنەگرێکی سینەمایی لە ڕۆژنامەیەکی چەپەکاندا کە ناوی (گۆڕانی دیموکراسیە) بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ١٩٦٤-١٩٦٧ کار بکات. دواتر بە فەرمانێکی دەسەڵاتی سەربازیی دیکتاتۆری، کە بە کودەتایەکی سەربازی دەستی بەسەر حوکمدا گرت، نووسینگەی ڕۆژنامەکە داخراو ڕۆژنامەکەش قەدەغەکرا، ئەو دەسەڵاتە سەربازییە سانسۆرێکی توندی خستە سەر ئامرازەکانی پەیوەندیکردن.

(ئەنجلۆپۆڵۆس) لەگەڵ چەندین سینەماکاری تردا، کە دواتر شەپۆلی نوێی سینەمای یۆنانیان پێکهێنا، گردبوونەوەیەکی سینەمایی دروستکرد.

ساڵی ١٩٦٥ کاری لەسەر کورتە فیلمێک کرد، بەڵام تەواوی نەکرد. دوای سێ ساڵ کورتە فیلمێکی بە ناونیشانی (پرۆگرامێکی ڕادیۆیی) تەواوکرد، کە بریتییە لە جنێوفرۆشیی پرۆگرامێکی ڕادیۆیی.

ساڵی ١٩٥٥ لە یەکێک لە زانکۆکانی برۆکسل لە بەلژیکا بڕوانامەی دکتۆرای فەخریی پێ بەخشرا. ساڵی ١٩٩٩ لە یەکێک لە زانکۆکانی نانت لە فەرەنسا دکتۆرای فەخریی پێ بەخشرا.

ئەنجیلۆپۆڵۆس دەڵێت: باوکم پیاوێکی هێمن و باش بوو. دایکم وەک دیکتاتۆرێکی نەرمونیان کاروباری خێزانەکەی بەڕێوەدەبرد. باوکم دوکانێکی هەبوو. دایکم ژنێکی سادەی ماڵەوە بوو، خۆشگوزەرانی و دڵخۆشیی منداڵەکانی لا گرنگبوو.

باوکم لەبەرئەوەی کەسێکی لیبراڵ بوو، لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە جێگەی گومان بوو، ئەوەبوو هەر لەسەر دەستی پیاوەکانیشیان دەستگیرکرا. لە ڕاستیدا ئەو کەسەی کە دەستگیری کرد، ئەندامێکی خێزانەکەمان بوو، چونکە خێزانەکەی ئێمەش وەکو هەموو خێزانەکانی تری وڵات بووبوو بە دوو بەشەوە. بەشێکی لیبراڵ و بەشێکی کۆمۆنیست.

لەپڕ باوکم ونبوو، هیچ شتێکمان لەبارەیەوە نەبیست. بۆ چەندین مانگ لە ئێمە دووربوو، هیچ شتێکمان لە بارەیەوە نەدەزانی، لە شوێنێک لە ناوەڕاستی یۆنان دەستبەسەر بوو. کە ئازادیان کرد پێویست بوو بە پێی خۆی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. پێویست بوو نیوەی وڵات بەپێ ببڕێت.

بیرمە کە لە کۆتایی شەقامەکەوە بینیم بەرەو ڕوومان دێت. ئەو کاتە من لەگەڵ منداڵەکانی تردا لەسەر جادەکە یاریمان دەکرد، بە هێواشی بەرەو ڕومان دەهات. ڕامکردەوە بوو ماڵەوە و بانگی دایکمم کرد. دایکم چاوەڕێی ئەوەی نەکرد کە باوکم بێتە ماڵەوە، خێرا ڕایکردە دەرەوە و چووە سەر جادەکە، بینی و باوەشی پێداکرد.

کە چووینە ماڵەوە تووشی هەڵچوونێکی گەورە بووین، تەنانەت یەک وشە لە دەممان نەهاتە دەرەوە. لەسەر مێزەکە دانیشتین و شۆربامان خوارد، بە بێدەنگی سەیری یەکتریمان دەکرد، حەزمان دەکرد بگریین، بەڵام نەمانهێشت فرمێسکەکانمان بێتە خوارەوە. ئەوە دیمەنی سەرەتای یەکەمین فیلمم بوو، بە ناونیشانی (ئاوەدانکردنەوە).

من سەرەتاکانم بیر نییە، بەڵام لە بیرمە کە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی جەنگی ناوخۆدا لە ئەسینا لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤دا دەستم دایە نووسین، ئەوە ئەو ماوەیە کە ناومان ناوە (دێسەمبەری سوور).



لەبەرئەوەی باوکم کەسێکی لیبراڵ بوو، لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە جێگەی گومان بوو، ئەوەبوو هەر لەسەر دەستی پیاوەکانیشیان دەستگیرکرا. لە ڕاستیدا ئەو کەسەی کە دەستگیری کرد، ئەندامێکی خێزانەکەمان بوو، چونکە خێزانەکەی ئێمەش وەکو هەموو خێزانەکانی تری وڵات بووبوو بە دوو بەشەوە.

# ئەزموون

دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، وردەوردە درکم بەوە کرد کە من خولیای سینەمام و ئەو خولیایە خەریکە داگیرم دەکات. بە درێژایی ڕۆژ دەچووم بۆ ئەو هۆڵی سینەمایانەی کە فیلمە پۆلیسییەکانیان نمایش دەکرد، من شەیدای بینینی ئەو فیلمانە بووم. شتێکی ئاساییشە کە فیلمە کلاسیکییەکانی وەک فیلمەکانی (جۆن هیوستن و هەوارد هۆکس و واڵش و پۆلانسکی) لە سەرووی لیستی فیلمە باشەکانەوە بن. بەڵام یەکەم فیلم کە بینیم، فیلمێکی (مایکل کۆرتیز) بوو بە ناونیشانی (فریشتەکان لەگەڵ پیاوە پیسەکان). تا ئێستاش ئەو دیمەنەم لەبیرە کە (جەیمس کاجنی)ی ئەکتەر بەرەو کورسییە کارەباییەکە دەبرێت بۆ جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی. سێبەرەکان لەسەر دیوارەکە بوون، (کاجنی)ش هاواری دەکرد: نامەوێت بمرم.

کە ئەو فیلمەم بینی، تەمەنم نۆ یا دە ساڵ بوو. لەوانەشە هەر ئەوەبێت کە وای کردبێت تا ئەمڕۆ شەیدای چیرۆکەکانی لێکۆڵینەوە و پشکنین بم، ئیتر چ بە فیلم بێت یا ڕۆمان.

کە منداڵ بووم، هەموو ئەو ڕۆمانانەم دەخوێندەوە کە وەردەگێڕدرانە سەر زمانی یۆنانی. دواتر پاش ئەوەی کە بەباشی فێری زمانی فەرەنسی بووم، ڕۆمانەکانم بە زمانی فەرەنسی دەخوێندەوە. زیاتر حەزم لە (دۆستۆیڤسکی) بوو، هەندێ جار خۆم دەکرد بە نەخۆش، بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بمێنمەوەو (برایانی کارامازۆڤ) بخوێنمەوە. هەروەها حەزیشم لە بەرهەمەکانی (تۆلستۆی) و (چیخۆف) و هەموو ئەدەبی ڕووسی بوو. ئەوانە کاریگەرییەکی زۆریان تێکردم. نابێت (ستەندال)یشمان بیربچێت، هەستم کرد لە نێو نووسەرە فەرەنسییەکاندا، زیاتر لە (ستەندال)ەوە نزیکم. پاش ماوەیەک بە (سارتەر و کامۆ) ئاشنا بووم.

لە سەرەتادا حەزم لە مۆزیکی (مۆتزارت)بوو، وەک هەر کەسێکی تر کە حەزی لە مۆزیکی کلاسیکییە، چونکە بە ئاسانی دەگەیتە مۆزیکەکەی، پاشان ئاشنای هەموو ئاوازدارەکانی تر بووم، تا گەیشتمە (باخ و ڤیڤالْدی).

یاسام دەخوێند، بەرلەوەی خوێندن تەواوبکەم، بڕیاری کۆتایی خۆمم داو وازم لە خوێندنی یاسا هێنا. پێشتر گومانم هەبوو، هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان حەزم نەکردبوو ببم بە پارێزەر، بەڵکو ئەوە حەزی کەسوکارم بوو. گەیشتمە قۆناغێک کە پێویستبوو خۆم بڕیارێک لەوبارەیەوە بدەم، دەشمزانی کە سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەم لە دژی ئەو بڕیارەم دەوەستنەوە. مامم پارێزەر بوو، نووسینگەیەکی تایبەتی هەبوو، لەبەرئەوەی هیچ میراتگرێکی نەبوو، منیان دەستنیشانکردبوو کە کاروباری نووسینگەکەی بەڕێوەببەم، بەڵام من پشتم لەوە کرد. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە شتێکی تر بدەم، وابزانم لەو کاتەدا ئەو ڕووداوەی کە زیاتر لە هەر شتێکی تر کاری تێکردم، مردنی خوشکەکەم بوو، کە تەمەنی ١١ ساڵ بوو. ئەگەر ئەو ڕووداوە نەبوایە لەوانەیە درێژەم بەو ڕێبازە بدایە، کە کەسوکارم دیارییان کردبووم بۆم. کەسوکارم وا دەردەکەوتن کە لەگەڵ دەورووبەردا ئاساییین و خۆیان گونجاندووە، بەڵام کاتێک خوشکەکەم مرد، مەینەتی کەوتە نێوانمانەوە و خەم و پەژارە باڵی بەسەر ماڵماندا کێشا. دایکم بۆ چەندین مانگ گریا، بۆ ساڵانێکی زۆر جلی ڕەشی پۆشی.

# (گۆدار)م زۆر بە دڵ بوو. ئەو شتەی کە زۆر سەرسامی کردم، شێوازی هەڵگێڕانەوەی یاسا و ڕێسا باوەکانی سینەما بوو

هاوڕێکانم بە پلەی یەکەم گرنگییان بە ئەستێرەکان دەدا، وەکو ئایرۆل فلین و تایرۆن پاوەر و ئاڤا گارنەر، من بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەمیشە گرنگیم بە ناوی ئەو کەسە دەدا کە ئیمزای لەسەر فیلمەکە دەردەکەوت، مەبەستم دەرهێنەرەکەیە. هۆشیارانە وام نەدەکرد، بەڵکو داهێنەری فیلمەکە بوو کە سەرنجی ڕادەکێشام. بێگومان زۆربەی فیلمەکان ئەمریکی بوون.

لە پاڵ فیلمە پۆلیسییەکانیشدا حەزم لە فیلمە ئاهەنگئامێزە سەرسوڕهێنەرەکان بوو، لەگەڵ فیلمەکانی (ئیلیان کازان)یشدا. پاش ماوەیەک فیلمەکانی شەپۆلی نوێی فەرەنسی شانبەشانی یەکەمین فیلمی (گۆدار و ئالان رینێ) دەرکەوتن. (گۆدار)م زۆر بە دڵ بوو. ئەو شتەی کە زۆر سەرسامی کردم، شێوازی هەڵگێڕانەوەی یاسا و ڕێسا باوەکانی سینەما بوو.

وردەوردە بەبێ ئەوەی هیچ مەبەستێکم هەبێت ڕووم کردە سینەما و لە زانکۆ گرنگیم بە هیچ شتێکی دەورووبەرم نەدا. هەوڵم دا لە خولێکی ڕاهێنانی سینەمادا بەشداری بکەم، بەڵام ئەوکات زۆر شەرمن بووم، لەلایەکی تریشەوە کەشوهەوای خولەکەم بەدڵ نەبوو. ئەوکاتە هەر شتێک لە بارەی سینەماوە بڵاوبکرایەتەوە و هەر شتێکم بەردەست بکەوتایە دەمخوێندەوە. وەکو فەرهەنگەکانی (جۆرج سادۆل) و کتێبەکەی لەبارەی مێژووی سینەماوە، کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی یۆنانی. کاتێک باوکم نەخۆش کەوت، ناچاربوو ماوەیەک لەسەر جێگا بکەوێت، ئەوە پاساوێکی باشبوو بۆ ئەوەی واز لە خوێندن بهێنم و خزمەتی سەربازی بکەم. ئەو دوو ساڵەی کە لە سەربازیدا بەسەرم برد، بۆ من زۆر سەرنجڕاکێش بوو، لەو ماوەیەدا ئەرکێکی تایبەتم پێ سپێردرا، ڕێپێدراو بووم کە سەرپەرشتیی ڕێوشوێنەکانی خزمەتی سەربازی بکەم، لەبەرئەوە پێویستبوو سەفەر بۆ ناوچەکانی یۆنان بکەم، بۆ بینینی سەربازە تازەکان. ئەوە یەکەمین جار بوو لە ژیانمدا هەلێکی وا بەنرخم بۆ هەڵکەوێت و لە شوێنێکەوە سەفەر بکەم بۆ شوێنێکی تر. لەو کاتەدا جگە لە ئەسینای پایتەخت، کە شوێنی لەدایکبوونم بوو، شارەزای هیچ شوێنێکی تر نەبووم. ئەو سەردەمە کاتێکی زۆرم هەبوو بۆ نووسین و خوێندنەوە و خۆئامادەکردن بۆ سەفەر. بە ئاشکرا دیاربوو کە من دەمەوێت فیلم بەرهەمبهێنم. کاتێک خزمەتی سەربازیم تەواوکرد، هاوڕێکانم کۆکردەوە و پێم ڕاگەیاندن دەمەوێت بچم بۆ پاریس بۆ خوێندنی سینەما، بەڵام ئەوەندەم پارە نییە کە بەشی خەرجییەکانی سەفەر و خوێندنم بکات. هاوڕێکانم هەریەکەو لەلایەن خۆیە پارەی بلیتی شەمەندەفەرەیان بۆ کۆکردمەوە. بە گیرفانی بەتاڵەوە سەفەرم کرد، خۆشبەختانە لە ناو شەمەندەفەرەکەدا بە کەسێک گەیشتم، کە پێشنیاری بۆ کردم لە ماڵی مامی بمێنمەوە، بەڵام تەنیا بۆ یەک شەو.

ڕۆژی دواتر چووم بۆ ئەو ئەدرێسەی کە مامۆستای زمانی فەرەنسی لە ئەسینا پێی دابووم. شوێنەکە لە دەرەوەی پاریس بوو، نزیکەی ١٠ کیلۆمەترێک لە وێستگەی (ئەندەرگراوند)ەوە دووربوو. خانوویەکی بچوک بوو، کە مامۆستا پێش ڕۆیشتنی بۆ ئەسینا تێیدا دەژیا.

هەر کە لەوێ جێگیر بووم، خێرا چووم بۆ لای (ئیلیانس فرانسیز)، بۆ ئەوەی کەمێک فەرەنسییەکەم



هاوڕێکانم بە پلەی یەکەم گرنگییان بە ئەستێرەکان دەدا، وەکو ئایرۆل فلین و تایرۆن پاوەر و ئاڤا گارنەر، من بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەمیشە گرنگیم بە ناوی ئەو کەسە دەدا کە ئیمزای لەسەر فیلمەکە دەردەکەوت، مەبەستم دەرهێنەرەکەیە. هۆشیارانە وام نەدەکرد، بەڵکو داهێنەری فیلمەکە بوو کە سەرنجی ڕادەکێشام.

# ئەزموون

باش بکەم، دواتر وەک خوێندکارەکانی تر کەوتمە گەڕان بۆ دۆزینەوەی کارێک: پاسەوانێکی شەوان لە ئوتێلێکدا.. هەر کارێک بێت. پاش ماوەیەک دیبلۆماتکارێکی یۆنانی بەزەیی پێمدا هاتەوە، ئەو هەندێک لە هۆنراوەکانمی خوێندبووەوە، کارێکی بۆ پەیداکردم و لە بەشی ناوخۆی خوێندکارانیش ژوورێکی بۆ دۆزیمەوە.

من ئەدەبم خوێند، بەڵام ئامانجی ڕاستەقینەم خوێندنی سینەما بوو. لە پەیمانگەی سینەما (ئیدیک) خوێندنم تەواو نەکرد، هەر پێش کۆتایی ساڵی یەکەم دەرکرام، گوایە بە ڕێکی دەوام ناکەم. لە ڕاستیشدا من لەو پەیمانگەیە وەرگیرابووم هەرچەندە نمرەکانم لە هەردوو وانەی فیزیا و ماتماتیکدا جێگەی سەرنج نەبوون و شتێکی ئەوتۆ نەبوون، کەچی لە وانەکانی مێژوو و هونەر و ئەدەبدا بەرزترین نمرەم دەهێنا.

کاتێک لە پەیمانگە دەستمان بە وێنەگرتنی یەکەم کارمان کرد، هاوڕێ و هاوپۆلەکانم لەو بڕوایەدابوون کە فیلمەکانی من باشترین فیلمن. ناویان لێ نام (ئالان رینێی نوێ)، دەستخۆشییان لێ کردم و زۆر ستایشیان کردم، ئەوەش وای لێ کردم شانازی بە خۆمەوە بکەم و لەخۆم بایی ببم. وا هەڵسوکەوتم دەکرد کە من فیلمسازێکی ددانپێدانراو و لێهاتووم. بەڵام مامۆستاکانم ئەو ڕەفتارەیان زۆر بەدڵ نەبوو. چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکردین کە پەیڕەوێکی دیاریکراو و کۆمەڵە ڕێوشوێنێکی دەستنیشانکراو بگرینە بەر، ئەو شتەش لەگەڵ میزاج و بیروباوەڕمدا یەکی نەدەگرتەوە و بە پێویستم نەدەزانی.

ڕۆژێکیان داوامان لێ کرا سیناریۆیەکی وێنەگرتن بۆ بابەتێکی کورت ئامادەبکەین. ئەو بەیانییە درەنگ هاتم بۆ پەیمانگە، چوومە ناو پۆلەوەو داوای لێبووردنم کرد بۆ دواکەوتنم، دواتر داوای جگەرەیەکم کرد. لەو چرکەساتەدا خوێندکارەکان واقیان وڕما، چونکە لەو سەردەمەدا جگەرەکێشان لە ناو پۆلدا قەدەغەبوو. دوای دوودڵییەک، یەکێک لە هاوپۆلەکانم جگەرەیەکی پێشکەشکردم و منیش دامگیرساند، تەباشیرەکەم هەڵگرت و لەسەر تەختە ڕەشەکە بازنەیەکم کێشا.

مامۆستا سەیری کردم و وتی: ئەوە چییە؟

وتم: ئەوە سیناریۆی وێنەگرتنەکەیە.

پرسیی: مەبەستت چییە؟.

بۆم ڕوونکردەوە کە ئەوە گرتەیەکی پانۆرامیی ٣٦٠ پلەیە.

بە ڕەقی چاوی تێبڕیم و وتی: وابزانم تۆ بۆ ئەوە لێرەیت کە فێرببیت.

وتم: نەخێر، من لێرەم بۆ ئەوەی ئەزموون بکەم. ئەگەر ئێوە نەتوانن لە پەیمانگە ئەوە تاقی بکەنەوە، لە کوێ دەتوانن تاقیی بکەنەوە؟

بە ڕوومدا تەقییەوە و وتی: باشتر وایە بگەڕێیتەوە بۆ یۆنان و ئەم بلیمەتییەی خۆت لەوێ تاقی بکەیتەوە.

پۆلەکەم بەجێهێشت و دواتر زانیم کە چووە بۆ لای بەڕێوەبەر و سکاڵایەکی لە دژی من بەرزکردووەتەوەو وتوویەتی یان من لەم پەیمانگەیە دەبم یان ئەو.

کورتە فیلمێکی ترم دروستکرد و پیشانی خوێندکارەکانم دا، هەموویان بە چەپڵەلێدانەوە هەستانە سەرپێی و دەستخۆشییان لێ کردم، بەڵام مامۆستاکەم وازی لە کەللەڕەقییەکەی خۆی نەهێنا و وتی: دەزانم ئێوە چەپڵە بۆ فیلمەکە لێنادەن، بەڵکو گاڵتە بە من دەکەن.

# له پەیمانگە وا هەڵسوکەوتم دەکرد کە من فیلمسازێکی ددانپێدانراو و لێهاتووم، بەڵام مامۆستاکانم ئەو ڕەفتارەیان زۆر بەدڵ نەبوو

بەڕێوەبەرەکە بانگی کردم بۆ نووسینگەکەی خۆی و پێی ڕاگەیاندم ئاستی پێگەیشتنم زۆر لەوە بەرزترە کە خوێندکارانی پەیمانگەکە لێی تێبگەن. درێژەی بە قسەکانی داو وتی: من دەزانم کە تۆ دەتەوێت خێرا فیلمەکانت دروست بکەیت. بەدڵنیاییەوە ناتوانیت لەگەڵمان بمێنیتەوە، بەڵام با ئامۆژگارییەکت بکەم، بە فیلمێکی درامیی درێژ دەست پێ مەکە، سەرەتا کورتە فیلم تاقی بکەرەوە.

کە پەیمانگەکەم بەجێهێشت، چەندین کەس ناڕەزاییان پیشان دا، لە نێویشیاندا ڕەخنەگر و مێژوونووس (جۆرج سادۆل)، کە لە پەیمانگەکە وانەی دەوتەوە، لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستای تردا، کە بە باشترین خوێندکاری خۆیان دادەنام. زۆرێک لە خوێندکارەکانیش ناڕەزاییان دەربڕی، بەڵام بێ سوود بوو.

بەشداریم لە خولێکدا کرد کە دەرهێنەر (جان روش) بەڕێوەی دەبرد، هەوڵی دەدا تەکنیکەکانی (سینەمای ڕاستەقینە) فێری بەشداربووان بکات، ئەوەش ئەو جۆرە دۆکیۆمێنتەرییەیە کە پێی بەناوبانگ بوو، بە سەرپەرشتیی ئەو چەندین فیلمی دۆکیۆمێنتەریم ئەنجام دا. لەو خولەدا فێریان کردین چۆن بتوانین بەکاربهێنین، چۆن لە کاتی وێنەگرتندا هەناسەی پێبدەین، چۆن لەگەڵیدا بووەستین، چۆن بە هێواشی لەسەر ئەژنۆ دابنیشین. پێویست بوو لەبەردەم ئاوێنەدا ڕاهێنان بکەین، پێویست بوو دڵنیا بین کە ئێمە هەموو شتێک بە دروستی دەکەین. دەبێت ددان بەوەدا بنێم کە ئەو کارە شتێکی سەرنجڕاکێش بوو.

دواتر بڕیارم دا لەسەر خەرجیی خۆم فیلمێک دروست بکەم. پەیوەندیم بە ژمارەیەک لە خوێندکارەکانی پێشووی (ئیدیک)ەوە کرد، هەریەکەوە بە پسپۆڕیی خۆی لە بواری تەکنیکی سینەمادا، هاوڕێیەکیشم دۆزییەوە کە ئامادەبوو فیلمی خاوم بۆ بکڕێت. بەیەکەوە دەستمان کرد بە جێبەجێکردنی ئەو فیلمەی کە ناوم نا (ڕەش و سپی). بە کامێرای ١٦ ملیم وێنەمان گرت. لە بارەی کەسێکەوەیە کە لە هەموو لایەکی پاریسەوە ڕاوی دەنێن. بەڵام پارەی شۆردنەوە و چاپکردنی فیلمەکەمان نەبوو. بۆ ماوەیەک لە هۆڵی سینەماتیکی فەرەنسی وەک ڕێنیشاندەرێک کارم دەکرد، پێویستم بە پارە بوو، هەر لەبەر ئەوەش ئەو کارەم دەکرد، هەروەها لەبەرە بینینی ئەو فیلمە جیهانییانەش کە لەوێ نمایش دەکران. وابزانم لەو ماوەیەدا هەرچی فیلم هەبوو بینیم. واتە مێژووی هەموو سینەما.

ئەو فیلمانەی کە زۆر حەزم لێیان بوو، لام جێگیر بووبوون. بە ئاراستەی دەرهێنەرانی وەک (ئایزنشتاین) نا، بەڵکو بە ئاراستەی کەسانی وەک (مۆرنۆ)، چ لە ڕێگەی فیلمی (پێکەنینی گەورە) یا (ڕۆژهەڵات)یەوە بێت، هەروەها کەسێکی وەک (ئۆرسۆن وێلز) کە لە ڕێگەی کامێراوە فیلمەکانی دروست دەکات، لەگەڵ (رینوار)دا، کە بەشێوەیەکی قوڵ چیرۆکەکان بەکاردەهێنیت، بێگومان فیلمێکی (کارل درایەر)یش هەیە بە ناوی (وشە)وە، هەروەها فیلمی (میزۆجۆشی). لە بیرمە کە چەندین فیلمی (میزۆجۆشی)یم بە بێ وەرگێران بینیوە، تەنیا چێژم لە وێنەکان وەردەگرت. هەروەها (ئەنتۆنیۆنی)یش هەبوو بە گرتە درێژەکانییەوە، کە جێگەی سەرنجن و کەمێک لەوە درێژتر بوو، کە مرۆڤ بواری ئەوەی هەبێت هەناسەیەک هەڵبکێشێت. لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەو جۆرە سینەمایەدا هەستم بە ئاسودەیی و



کە پەیمانگەکەم بەجێهێشت، چەندین کەس ناڕەزاییان پیشان دا، لە نێویشیاندا ڕەخنەگر و مێژوونووس (جۆرج سادۆل)، کە لە پەیمانگەکە وانەی دەوتەوە، لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستای تردا، کە بە باشترین خوێندکاری خۆیان دادەنام. زۆرێک لە خوێندکارەکانیش ناڕەزاییان دەربڕی، بەڵام بێ سوود بوو

# ئەزموون

دڵنیاییەکی زۆر کرد.
یەکێک لەو فیلمانەی (ئۆرسۆن وێلز) کە حەزم لێیەتی فیلمی (پیاوە مەزنەکانی بنەماڵەی ئیمبەرسۆن)ە، لەگەڵ دیمەنی سەرەتای فیلمی (شوێندەستی شەڕخوازی). لە بینینی فیلمەکانی کەسێکی وەک (ستانلی کۆبریک)دا هیچ کێشەیەکم نییە، بەڵام وەک دەرهێنەر، شتە باشەکە لە شوێنێکی ترە.
دوای ئەو خولە لەگەڵ (جان روشد)دا و ئەو فیلمەی کە تەواو نەکرا، گەڕامەوە بۆ ئەسینا، بۆ بینینی کەسوکارم و ئەو کچە نەمساوییەی کە پەیوەندییەکی خۆشەویستیم لەگەڵی هەبوو. ئەو لە زیوریخ دەژیا و کارمەندی ناو فڕۆکە بوو. هەروا لە خۆمانەوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتبووین کە خێرا هاوسەرگیری بکەین، بڕیار وابوو لە ڕۆژێکی دیاریکراودا لە ئەسینا یەکتری ببینین. من حەزم لەو بیرۆکەیە نەبوو کە چاوەڕوان بم تا دێت، لەبەر ئەوە چوومە لای هەندێ هاوڕێیانی وێنەکێش و لەگەڵیان چووم بۆ (مینۆکۆس)، بۆ بەسەربردنی چەند ڕۆژێک. وادەی بینین و ئامادەکارییەکانی هاوسەرگیریم بە تەواوی لەبیرچووەوە. دواتر زانیم کە کچەکەش نەهاتووە. بەوجۆرە لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری مامەوە. ئەوە یەکەمین و دواهەمین جار بوو کە مەسەلەی هاوسەرگیری بەسەر خۆمدا بسەپێنم.
لە ڕاستیدا من دەمێکە لەگەڵ ژنێکدا دەژیم، خۆشم دەوێت و خێزانێکی بچوکمان بەیەکەوە دروستکردووە، بەڵام بەبێ ئەوەی هاوسەری یەکتری بین.
گەڕامەوە بۆ پاریس، دوودڵ بووم: لە پاریس بمێنمەوە و کار بکەم؟ چەند بژارێکم لە بەردەمدا بوو، هەلی ئەوەم هەبوو کە فیلمەکانم دروست بکەم و ڕێبازی هونەریی خۆم لەوێ بەهێز بکەم، پێشنیاری ئەوەم بۆ کرا، کە لە چەند فیلمێکدا یاریدەدەری دەرهێنان بم، لەسەر شاشەش چەند ڕۆڵێکی بچوکم بینی. بەڵام پێویست بوو بگەڕێمەوە بۆ ئەسینا. بە تەواوی نازانم چ شتێک وای لێکردم بگەڕێمەوە، لەوانەیە چەند هۆیەکی خێزانی بێت. دوای چەند ساڵێک، هێزە سەربازییەکان دەستیان بەسەر دەسەڵاتی یۆناندا گرت، ئەو کاتە زانکۆ بەهۆی خۆپیشاندان و یاخیبوونەوە لە هەڵقوڵاندابوو.
لە ڕێگەی گەڕانەوە لە فڕۆکەخانەوە و لە شوێنێکی دیاریکراودا، بەهۆی گیرانی ڕێگەی ئۆتۆمبیلەوە، ناچاربووم لە تاکسییەکە دابەزم و بەپێ بڕۆم. لەپڕ خۆم لە ناو خۆپیشاندانێکی خوێندکاراندا بینییەوە. پاش کەمێک پیاوانی پۆلیس دایان بەسەر خۆپیشاندەراندا و بە کوتەکەکانیان هەرچییەک بکەوتایەتە بەردەستیان دایان دەپڵوسی. یەکێکیان کوتەکێکی پێداکێشام و کەوتمە سەر زەوی و چاویلکەکەم شکا، بە زەحمەت گەیشتمەوە ماڵەوە، دەموچاوم خوێناوی بوو، هەموو لەشم دەلەرزی.
ئێوارەی ئەو ڕۆژە (تۆنیا مارکیتاکی)ی هاوڕێم تەلەفۆنی بۆ کردم، ئەویش کچە دەرهێنەرێکی سینەماییە و لە پەیمانگەی (ئیدیک) خوێندنی سینەمای تەواوکردووە، ئەو کاتە لە یەکێک لە ڕۆژنامە چەپەکاندا کە ناوی (گۆڕانی دیموکراسی) بوو لە بارەی سینەماوە بابەتی دەنووسی. لەبارەی پلانەکانی دواڕۆژمەوە پرسیاری لێ کردم، دواتر پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم، ئەگەر لە ئەسینا بمێنمەوە لە بواری ڕەخنەی سینەماییدا بابەت بۆ

# هاوڕێ و هاوپۆلەکانم لەو بڕوایەدابوون کە فیلمەکانی من باشترین فیلمن.. ناویان لێ نام (ئالان رینێی نوێ)

ئەو ڕۆژنامەیە بنووسم. خۆشم سەرم لەوە سوڕما کە خێرا بێ هیچ دوودڵییەک ڕازی بووم.
وابزانم هەڵوێستەکە دەرەنجامی ئەو شۆکە بوو کە ئەو ڕۆژە تووشم بوو. بڕیارم دا بمێنمەوە و لە ڕووداوەکانی وڵاتەکەم تێبگەم. لەپڕ ئەو یۆنانەی کە من لەبیرم چووبووەوە، دیسان هاتەوە ناو مێشکم. ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە نەمتوانی بەجێی بهێڵم. سێ ساڵ لەو ڕۆژنامەیە کارم کرد، لە ١٩٦٤ەوە تا ١٩٦٧، تا ئەو ڕۆژەی کە کۆلۆنێلەکان کودەتایەکی سەربازییان ئەنجام دا و پۆلیسی سەربازییان نارد بۆ داخستنی نووسینگەکان و دەستگیرکردنمان. بە ڕێکەوت ئەو کاتە من لە ڕۆژنامەکە نەبووم.
کاتێک لە ڕۆژنامەکە بووم، (فاجیلیس)ی مۆزیسیان کە دواتر بە دانانی ئاوازی فیلمی (گالیسکەکانی ئاگر) ناوبانگی دەرکرد، تەلەفۆنی بۆ کردم. ئەو کاتە لەگەڵ هاوڕێکانیدا تیپێکی مۆزیکی بە ناوی (فۆرمینکس) کە ناوی ئامێرێکی کۆنی فودارە دروستکردبوو، تیپەکە سەرنجی بەرهەمهێنەر یا بەڵێندەرێکی ئاهەنگی ئەمریکیی ڕاکێشابوو، ئەو موزیکەکەیانی بەدڵبووبوو، ویستبووی گەشتێکی هونەرییان لە ئەمریکا بۆ ڕێکبخات، بەڵام پێویستی بە فیلمێک بوو لە بارەی تیپەکەوە، بۆ ئەوەی زەمینەیان بۆ ساز بکات و مۆزیکەکەیان بە جەماوەری ئەمریکی بناسێنێت، بەرلەوەی بڕۆن بۆ ئەوێ. تیپەکە لە ناو یۆناندا بەناوبانگ بوو، بۆیە بەرهەمهێنەرە یۆنانییەکە ڕەزامەندیی نواند و پرۆژەکەی قبووڵ کرد. ئەو کاتە پێشنیاریان بۆ کردم کە من فیلمەکەیان بۆ بکەم. بێگومان ڕازی بووم، ئەوە بەلای منەوە هەلێکی نوێ بوو بۆ بینینی ئەزموونێکی زانستیی دیکە.

لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا سیناریۆکەم نووسی، چیرۆکێکی پۆلیسی بوو لە بارەی پشکنەرێکەوە، فیلمەکە پڕبوو لە مۆزیک. لە کاتی وێنەگرتندا دوو بەرهەمهێنەرەکە ناکۆکی کەوتە نێوانیان، بەرهەمهێنەرە ئەمریکییەکە پاشەکشێی کرد و یۆنانییەکە بە تەنیا مایەوە، بەڵام پێشبینیی داهاتێکی زۆری کرد. بەهۆی ناکۆکیی نێوانمانەوە ویستم بکشێمەوە، بەڵام هاوڕێیەکم خستمییە سەر ئەو باوەڕەی کە دەرکردن لە کشانەوە باشترە، چونکە لە حاڵەتی دەرکردندا قەرەبوویەکی باش وەردەگرم. لەبەر ئەوە مامەوە و بەردەوام بەرهەمهێنەرەکەم تووڕە دەکرد. جارێکیان ٤٢ جار وێنەگرتنی گرتەیەکمان دووبارەکردەوە، بۆیە بەرهەمهێنەرەکە بڕیاری دا دەرم بکات. بەو پارەیەشی کە دەستم کەوت، وێنەی یەکەمین فیلمی درامیی خۆمم گرت.

**سەرچاوە**:
عالم ثيو انجيلوبولوس السينمائي- براءة التحديقة الاولي
tarjwma w (امين صالح) wargirawa ka (سينماتك) amaday krdwa w la saity blawkrawatawa

لە ڕێگەی گەڕانەوە لە فرۆکەخانەوە و لە شوێنێکی دیاریکراودا، بەهۆی گیرانی ڕێگەی ئۆتۆمبیلەوە، ناچاربووم لە تاکسییەکە دابەزم و بەپێ بڕۆم. لەپڕ خۆم لە ناو خۆپیشاندانێکی خوێندکاراندا بینییەوە. پاش کەمێک پیاوانی پۆلیس دایان بەسەر خۆپیشاندەراندا و بە کوتەکەکانیان هەرچییەک بکەوتایەتە بەردەستیان دایان دەپڵۆسی. یەکێکیان کوتەکێکی پێداکێشام و کەوتمە سەر زەوی و چاویلکەکەم شکا، بە زەحمەت گەیشتمەوە ماڵەوە